وەزارەتی ژینگە: ئاوی پارێزگاکانی عێراق گونجاوە بە بەکارهێنانی مرۆڤ

وەزارەتی ژینگەی عێراق رایگەیاند، کوالێتی ئاوی پارێزگاکانی فوراتی ناوەڕاست گونجاوە بە بەکارهێنانی مرۆڤ، بە پشتبەستن بە ئەنجامی پشکنینی تاقیگەی مەیدانی کە لە لایەن لیژنەیەکی تەکنیکی تایبەتمەند و لیژنە لاوەکییەکانەوە بە سەرپەرشتی وەزیری ژینگە ئەنجامدراوە.

ئەمە دووشممە، وەزارەتی ژینگەی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا رووونیکردەوە کە پشکنینەکان پارێزگاری نەجەف و باقی پارێزگاکانی سەر بە بەشی پاراستن و چاککردنی ژینگەی لەخۆ گرتووە، ئاستی پیسبوون مەترسیدار نەبووە و وەزارەتی ژینگەش ئەو دەزگای فەرمییەیە کە دەسەڵاتی پێدراوە هەر حاڵەتێکی پیسبوونی ژینگە رابگەیەنێت.

باسی لەوەشکردووە، لیژنەکە بە سەرکایەتی جاسم حیجامی، بەڕێوەبەری گشتیی بەشی

پاراستن و باشترکردنی ژینگە لە فوراتی ناوەڕاست و نوێنەری وەزارەتەکانی تەندروستی و شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی ئاوی نەجەف لەخۆدەگرێت، بۆیان دەرکەوتووە کە ئاوەکە تایبەتمەندییە ستاندارده پەسەندکراوەکانی تۆدایە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو ستانداردی زانستی وردیان بۆ پاککردنەوەی ئاو گرتووەتەبەر.

ئاماژەی بەوەشکرد، تیمە تەکنیکیەکان بەردەوامن لە چاودێریکردنی مەیدانی رۆژانەیان بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی ئاو، ئاماژە بە هەماهەنگی بەردەوام لەگەڵ وەزارەتەکانی سەرچاوە ئاوییەکان، شارەوانیەکان، تەندروستی، حکومەتە خۆجێیەکان دەکەن بۆ پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو، ئەمە جگە لە دەستپێکردنی هەڵمەتی هۆشیاری بۆ بەرەوپێشبردنی کلتوری بەکارهێنانی عەقڵانی ئاو.

وەزارەتی ژینگە جەختی لەسەر پێویستی گرتنەبەری ڕۆشوێنی یاسایی کردەوە لە دژی هەر لایەنێك کە سەلەندراوە هەکاری پیسبوونی ئاوە و باسی لەوەشکردووە، "پاراستنی ژینگە بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشی نیشتمانییە کە پێویستی بە هەوڵی هاوبەشی فەرمی و کۆمەڵایەتی هەیە".